# دارێنه



**ئەم پەخشانە ناسکە، ناوەڕۆکێکی بەرز و بە نرخی مێژوویی هەیە. موهەندس حەمەحسین کەریمی، ئەم پەخشانەی بە دەنگی خۆی، سەبارەت بە هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانە و بەسەرهاتی بەڕێز سمایل شەریف زادە(سمکۆ) تۆمار کردووە و لە ئاستێکی فراوان و بەرچاو، بڵاوی کردوەتەوە. بەڕێز کاک حەمەحسین کانییەک لە پاکی، ڕووبارێک لە خۆشەویستی، کەمانە ڕەنگینەیەک لە بەهرە، ئاسمانێک لە هیوا، لوتکەیەک لە بەرزی و زەنجیرە چیایەک لە ورە بوو. کاسیتەکە(نەوار) لە شێوەی دیالۆگ و دەنگەوە بۆ فورمی داڕشتن و نووسین گوازرایەوە و لە لایەن ئێمەوە، ڕێک و پێک کرا.**

**ئامادە کردنی:**

**١- مەلەکە مستەفا سوڵتانی**

**٢- ڕەشاد مستەفا سوڵتانی**

**ژانویەی ٢٠١٠ میلادی- وڵاتی سوید**

پێشمەرگەکان لە نێو چڕێکەوە بەرە و ئاواییی، نەرم دەبزوتن. شەش حەوت کەس بوون، کە چەکی جۆربەجۆریان پێ بوو. لە بڕنەو، لە ام ـ یەک، بەڵام فیشەکدانی هیچیان پڕ نەبوو.

ئاواییی نەرم نەرم و بە ئەسپایی لە پشتی تەپۆڵکەوە سەری هێنا دەرێ. ماڵەکان بە چاوی ڕەش و ناوچاوی گرژ سەرنجیان دەدان. ئەوان مەترسیان نەدەکرد، ئەمنیە پێ نەدەوێران. بەڵام تەنها ئەمنیە دوژمنیان نەبوو، هێزێکی گەورەتریش بوو کە خۆیان لە گەڵ پێوە کردبوو. ئاوایی دەتگوت مەترسی بەسەرهاتی ئەو ڕۆڵانەی دەکرد. دەتگوت بە چاو پرسیاریان لێ دەکا، ئێوە بە چەکی ڕەشۆکەوە چۆن لە گەڵ هەژدیهای حەوتسەر تێهەڵچوون.



تاقمی پێشمەرگە هەر نزیک دەبوونەوە لە ئاوایی یان ئاوایی نزیک دەبووە، بە دەستێکی سپی کە جادەکە بێ ئەو بێچووە شێرانەی دەکێشا داوێنی خۆی. زەلام و گەنج بە پیریانەوە دەهات ڕوانینی دڵسۆزی دایکێکی تێدا بوو، کە ڕۆڵە نەترسەکەی لە گەڵ هەژدیهای حەوتسەر خۆی پێوە کردبێ.

گەیشتنە سەر کانی گەورە، کچێ ئاوی بە پیرەوە بردن.

ـ میوانتان ناوێ؟

ـ بە خێر بێن سەر چاوی من!

خەڵک لە مزگەوتێ قەرەباڵغیان کردبوو. ئەوە پێشمەرگەیەک دەیەوەی قسەیان بۆ بکا. پێشمەرگەکان لە ئاواییی قەرەوڵیان داناوە و یەکێکیان بە دوو چەکداری دیکەوە چووتە مزگەوتێ دەیەوی سەبارەت بەم هەڵایە قسەیان بۆ بکا. زۆربەی زۆری پیاوان لە مزگەوت کۆبوونەتەوە، وەک بۆ نوێژی جومعە چۆن کۆدەبنەوە. خەڵک هەموو دانیشتون بەڵام پێشمەرگەکان لە پاڵ مەحرابەکەدا روو لە خەڵک وەستاون. تفەنگەکانیان پێیە و دوو سێ فیشکدانیان لە خۆ بەستوە بەڵام، فیشکدانەکانیان هەموو پڕ نین.

پێشمەرگەکان زەردە خەنەیان لە سەر لێوە ئەمما ئەگەر چاک تێ فیکرێ هەر وەک فیشکدانەکانیان خاڵین، دڵیشیان تەواو خۆش نیە بەڵام ئەوان لەوە پیاوترن کە وە ڕووی خۆیانی بێنن.

ـ باب و براکانم!

ئێوە ڕەنگە یەکە یەکەی ئێمە بناسن. ئەگەر کوڕ و براتان نەبین هەندە لە نێوتان بووین کە بووینەتە کوڕ و براتان. سمکۆیە قسان دەکا. شۆڕە لاوێکی باڵا بەرز و لاوچاک هەر بە خۆی دەکەوی فیشکدان و تەفنگ هەڵگرێ. دەیانگوت خەڵکی سابلاغەوە دانشگای تارانی تەواو کردووە. وا بە کوردیەکی نزیک بە دڵان قسەی دەکرد، دەتگوت هەر لە منداڵیەوە لە دێهاتدا گەورە بووە. کاتێک لە باسێک دەیکۆڵیەوە نەرم نەرم و دانە دانە دەدوا، بەڵام کاتێک باسی دەهێنایە سەر شۆڕش و ڕاپەرینی خەڵک دژی زوڵم و زوڕ، چەشنی هەور دەیگرمان.

ـ هەر ئەم جەماعەتەی ئێوە هەژار و دەوڵەمندی تێدایە هەروا بگرە کوردەواریش. ئەوەتا ئاغای هەیە. حاجی مەحمودی هەیە، حاجی شاتری هەیە کە دەوڵەمەندن. کرێکار و فەلایشی هەیە کە هەژارن. لە هەموو ئێرانێدا وایە، تەنانەت زۆربەی دنیاش، بەڵام هەروا نامێنێ. زۆرداران دەڵێن ئەو قامکانی دەست وەک یەک نین. خەڵکیش، خودا وەک یەک دروستی نەکردوون. یەکێک لە نێوچاوی نووسراوە هەژار بێ یەکێ ڕسقی زۆری لە خواوە بۆ حەواڵە کراوە، بەڵام ئەمنیش و ئێوەیش دەزانین ئەو قسانە هەموو درۆن. ئەوەتا «حاجی حەمە دۆم» لە پێشدا دەوڵەمەند نەبوو تێهەڵچوو، بۆی ڕێکەوت دەوڵەمەند بوو. بۆ ئەوەش پێی نەڵێن دۆم، بۆی چووە حەجێ، بەڵام ئێستاش هەر پێ ئەڵێن دۆم. خەڵک پێدەکەنین!

یان حاجی سەعید بە جەهێڵی شوان بوو، ئێوە چاکترتان لە بیرە، پێیان دەگوت سەعەڕەش، یان تەنانەت ئاغاکانیش ئەگەر بە بنەماڵەیاندا بچینە خوارێ، بابە گەورەیان شوانە یان گاوانە. بابە گەورەی شێخی هەورامان کوێخا بووە.

دوو سێ کەس دەڕوانن بۆ یەک. خەڵک وەک لە نوێژی جومعە بن، بێ دەنگ گوێ دەدەنێ. جەهێڵەکانیش هاتوون و دانیشتون و بە سەرنج و کەیف خۆشیەوە گوێ دەدەنێ. دوو سێ پیاوی پیری پشتێن زەرد کە زۆر ڕوو خۆش نین هەر دەڵێی بێگاریان پێ دەکەی،

جار بە جار سەرنجی دەرگاکە دەدن. بڕێکیان زۆر چاک گوێ دەدەن، بڕێکیان دەترسن. لە ترسی تفەنگی پێشمەرگەکان لێرە کۆوەبوون، لێرەش لە تفەنگی ئەمنیە دەترسن.

حاجی مەحمود و حاجی شاتریش هەر یەکە لەبەر مەسەلەیەک دەوڵەمەند بوون. هیچیان لە ئاسمانەوە بۆیان نەباریوە. ئەوان بە سود و سەلەم و تجارەتی قاچاخ و تەنانەت کاسبی حەرام ماڵیان پێکەوە ناوە. ماڵەکە لە پێشدا چ بووە؟ لە پێش هەموو شتیکدا کاری کرێکار و فەلا هەموو ماڵێک پێک دێنێ، لە حاسڵی زەویەوە بیگرە تا ماڵی سێ قات ئەوانەیش یان بە فێڵ یان حیلەی شەرع هەر بە زۆر لێمان دەستێنن. چەند کەستان مانگا و مەڕی لە جیاتی قەرز داوتەوە بە حاجی مەحمود یان هەموو خەرمانەکەی ئاغا لە بری قەرز و زەکات بردوویەتی. ئەوە زۆڵمە هەموو کێشەیەکی کۆمەڵ لە سەر ئەو زۆڵمەیە. کێشەی هەژار و زۆردار، بگرە نێوان ناخۆشی ژن و مێردیش و هەموو کێشەیەک لە گەورە تا بچووک، ئەگەر چاک تێفکرێی هەر دەڕواتەوە سەر ئەو کێشەیە. کوردەواری خۆمان دەڵێ «هەموو شتێک لە باریکیدا دەپسێ، زۆڵم لە ئەستووریدا» ئەڵبەت دەبێ بۆ خۆمان هێزی لێبکەین هەتاکوو بپسێ. هەمووتان چوونەتە شار و شکایەتان کردووە و نێو ئیدارەکان هەموو چوون، دەزانن کە ئیدارەی دەوڵەتیش غەیری بۆ دەوڵەمەند کارێک ڕێک ناخا و ئەگەر ئیجارەی زەوی نەدەن ژاندارمە بە زۆری لێتان دەستێنێت. ئەگەر سودی قەرز نەدەنەوە هەروەتر. قەرزی بانگیش نەدەنەوە ماڵەکەتان هەڕاج دەکەن. بۆ هەموو کارێکی بچوکیش بەرتیل هەر دەبێ بدەن.

دەوڵەت هەر بۆیە دروست بووە، کە ئەگەر ئێوە ئیجارەتان نەدا یان حەقی خۆتان ویست، یان داوای دەسحەقی زیادی بکەن بە زۆری تفەنگ، بێدەنگتان بکات. ئەگەر داوای مەدرەسە و دکتور و ڕێگا و بانیشتان کرد، جوابتان نەدەنەوە. هەمووتان لە بیرەوەری خۆتاندا ئەوەتان زۆر لە بیرە، دەوڵەت نۆکەری دەوڵەمەندانە. لە دەوڵەمەندی تاران و هەندەرانەوە بیگرە، هەتا حاجی شاکری و ئاغاکانی وڵاتی خۆمان.

ئەوەتا دەوڵەت و دەوڵەمەند هەر وەک یەک دەچن. ئەڵبەت ئاگاتان لێیە کە کوردەواری زۆڵمێکی دیکەیشی لێ دەچێ. کوردەواری بۆ خۆی حکومەتی نیە. ڕەنگە بڵێن ئەگەر دەوڵەت نۆکەری دەوڵەمەندانە هەر نامانەوێ، بەڵام ئەگەر نۆکەری دەوڵەمەند نەبێ بەڵکوو خزمەتکاری هەژار بێ، ئیدی خۆ چاکە.

جا باب و براکانم!

لەبەر هەموو ئەوانە ئێمە چەکمان هەڵگرتوە، چەکمان هەڵگرتوە کە ئەو دەوڵەتە بڕووخێنین و لە سەر کەلاوەی دەوڵەتێکی دی ساز بکەین، کە هەژار سەردار بێ، کرێکار و جووتیار حوکمیان بە دەس بێ و کوردەواریش تیدا بەش خوراو نەبێ. ئێمە زەوی و زار و ماڵ و دەوڵەت لە چەنگی دەوڵەمەند و ئاغا دەر دێنین و دیدەینەوە بە ساحبی خۆی، بە خەڵکی زەحمەتکێش، کرێکار و جووتیار. چونکوو هەموو حاسڵ و داهاتێک هەتا لە بن عەرزدایە، موڵکی کەس نیە و لە گەڵ هاتە دەرێ، موڵکی ئەو کەسەیە کە کار دەکا و عارەق دەڕێژی بۆ هێنانە دەرێی ئەو داهاتانە.

ڕەنگە پێتان سەیر بێ، ئێمە بە چەکێکی ڕەشووکەوە و دەوڵەت بە تۆپ و تەیارەوە چۆنمان پێدەکرێ. ئەمما دەوڵەت تۆپ و تەیارەی بە داهاتی دێهات و شار و هەموو وڵات دەبا بە ڕێوە. دەوڵەت سەرباز و ئەمنیە و جاش لە ئێوە دەگرێ و شەڕیان پێدەکا. سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکی دەوڵەت ئێوەن. خەڵک، هەموو خەڵکی زەحمەتکێش، ئەگەر هەموو خەڵک، کە ئێمەش ڕۆڵەی دڵسۆزیانین یەک کەوین و پێکەوە خەباتی چەکدارانەمان بە ڕێوە بەرین، دەوڵەت بەورێکی پەڕووینەیە، کە هەر بە یەکەم هەڵمەت تێکی دەشکێنین.

ئێمە هەموو خەڵک، خەڵکی خەباتکەر، ئەگەر هەموو پێکەوە پێ لە عەرز دەین گەورەترین بۆمەلەرزە دەخەینە وڵاتەوە کە قەڵای دوژمن دەڕووخێنێ.

کێ ئەو هەموو حاسڵە پیدا دەکا؟

کێ چەرخی هەموو دونیا هەڵدەسووڕێنێ؟

کرێکار و فەلا و هەموو خەڵکی ڕەنجبەر، ئەگەر ئێمە هەموو پێکەوە بگرمێنین هەورە تریشقەکەمان هەر بە سام دوژمن دەکا بە زووخاڵ، هانای هەناسەی سینگمان گەردی دوژمن بە با دەدا.

ئێمە خەڵکی خەباتکار کە ئیمان و بڕوامان هەیە بە هێزی خەڵک و چەکمان هەڵگرتووە، هەتا هەتایە بڕوامان وایە کە هێزی خەڵک بەحرێکی بەربەرینە گمەی نایە و هیچ هێزێک باشاری ناکا. وەک سۆفی موریدانی شێخن، ئێمە موریدی خەڵکین، وەک شێخان موریدی خودان، ئیمە موریدی خەڵکین، خەڵکی خەباتکەر، خەڵکی ڕەنجبەر.

*****

سمکۆ و برادەران لە ماڵێکدان!

ساحێب ماڵ: کابرا ئەی بە قوربانی دەمت بم، کاکە بە سەری سەیدی زەمبیل قسەکانت وەک ئایەتی قورئانی وا بوون، بە دڵەوە دەنووسان.

ژنەکەی: ئەرێوەڵا لە دەوری سەرت گەرێم، بە خودای نوورت لە نێو چاوان دەبارێ. ئەڵای خێرم بە خودای کردبێ بە مراد دەگەن.

سمکۆ دەڵی: بە مراد دەگەین، مرادی ئێمە مرادی ئێوەیە.

ساحێب ماڵ پێیوایە ژنەکەی قسەیەکی کردووە سمکۆ دڵگیر بێ. دەڵی ئەتۆ چەقەی مەکە، نانی بێنە، خودا دەیزانی لە کەنگێوە نانیان نەخواردووە.

سمکۆ دەڵێ: مامە گیان ئێمە قەت ڕەزا بە ئەزیەتی ئێوە نین. نان و دۆیەکمان بدەنێ، هەر بەری دڵمان بگرێ.

ساحێب ماڵ دەڵێ: ئەی قوربان لە سایەی سەری ئێوەوە شوکور هەموو شتێک هەیە. مریشکم کوشتوەتەوە، حەیف نیە ئێوە نەیخۆن، ئەمنیە بیخوا، ئەوە فرمایشتە. بەڵێ فەقیرین بەڵام قەدری میوان هەر دەگرین.

سمکۆ بە پێکەنینەوە دەڵێ: بۆ پێم دەڵێی قوربان، ئەمن وەک حەسەنی برا بچوکت وام، هەر لە تەمەنی ویشدام. پێشت بڵێم، ئێمە فەقیرمان لا بەڕێزتر لە ئاغا و ماغایە. نانیان هێنا!

سمکۆ زانی ئەگەر دیسان باسی خەرج و ئەزیەتی شیوەکە بکرێ کابرا پێ ناخۆش دەبێ، لە بەر ئەوە خێرا دەسی کرد بە تاریف کردن لە نان و چێشتەکە. یاڕەبی دەستت خۆش بی خۆشکێ، بە وەڵا لە سابڵاغیش خوانی وا جوانم نەدیوە.

ژنە دەڵێ: دەک نۆشی گیانت بێ، زوو بە مراد بگەن و بچنەوە سابڵاغی.

ژنە، دڵی پڕ بوو و دەنگی لەرزی، داخوا دایکتان ئێستا چاوەڕێتان بێ. ڕەبی ئەمن کوێرایم دایە! فایدەی نەبوو، تیکەی هەوەڵیش بە دڵی سمکۆدا هاسان نەچووە خوارێ. بیری دایکی کەوتەوە و سابڵاغ. چاوی هەر واق ما بە نانەکەدا. سمکۆ دەماخی نەبوو.

لە ماڵێکی دی دوو پێشمەرگە لەوی میوانن. یەکێکیان کوێخا شەریفە و لە کاتی نانخواردندا چۆتە خەیاڵاتەوە. دەوڵەت قەولی داوەتێ بە مەرجێ یان سمکۆ بکوژی یان بە جۆرێک بیان خاتە نێو تەڵەی دوژمنەوە دەهەزار تەمەنی جایزە بدەنێ. ئەویش بە هیوایە و هەر لەوەش دەگەڕێ هەلێکی باشی دەسکەوێ و دایم لە خەیاڵی پووڵەکە و خەیانەتی خۆی دایە. خۆبەخۆ دەڵێ دەهەزار تەمەنم دەدەنێ، تراکتۆری پێدەکڕم، کرێکێشی پێدەکەم دەمکاتە پیاو.

خەڵکی ئاواییی یەک یەک و دوو دوو دەهاتنە لای سمکۆ. فەلایەکی پیر قەندەکی بە دەمەوە هەر سەرنجی سمکۆ دەدا و حاجیەکیش چووبوو لای ژووروی مەجلیس. یەک دوو جەهێڵیش لە مەجلیسدا بوون، چاوەڕوان بوون سمکۆ چایەکەی بخواتەوە و قسان بکات. ئاخری خاوەن قەنەکەیش خۆی پێڕانەگیرا و دەستی بە قسە کرد. وەڵا میرزا هەرچەند بێ ئەدبیشە بەڵام لێم حاڵی نیە چۆن بە دەوڵەتان ویراوە!

سمکۆ دەڵێ: خاڵە گیان لە مزگەوتێ باسم کرد، ئێمە پشتمان بە ئێوە بەستووە و هیوای قاییمان بە ئێوەیە.

حاجی دەڵێ: جا چاکە ئەوتا منیشتان کوشت، خەیاڵە و دەیکەن ئێوە چۆن وەسەر دەکەون، خەڵک تازە دەوڵەمەند بوونەتەوە و دووتان ناکەون.

مامی قەندەکیش دەڵێ: وەڵا قۆڕ بەسەر و ماڵوێران ماوینەوە، بەڵام شتێکە دەوڵەتەکەیش باشاری ناکرێ. بەحرە و لێی کەم نابێتەوە.

سمکۆ جواب دەداتەوە و دەڵێ: ئەگەر شۆڕش هەموو وڵات داگرێ و لە هەر لایەکەوە دوژمن پێدابنێ، پێ بە بڵێسەی ئاوری خەباتی خەڵک بسووتێ، ئەگەر ئەو بەحرە هەر

لێی کەم بێتەوە و نەچێتەوە جێی، ئەگەر هەموو خەڵک بکەونە هەوڵ ئیمجا ئەو بەحرە وەک حکایەتی دیوەکە کە بەحرەکەی خواردەوە بۆ حەزرتی سولێمان، جا ئەو جار بەحری دەوڵەت دەبێتە دەشتێکی وشک و بەربەرین، بە تراکتۆران بیکێڵی و بیکەیە بەهاروو.

فەلای قەندەکێش دەڵێی نێوچاوانی کراوە، بە ئیشتها گوێ داوەتە سمکۆ.

ـ جا کوا، ئەگەر رۆژێکی وا بێ، هەموو قۆڵی لێ هەڵدەکەین، ئەو سەگبابانە هەر کوتیان ئیسلاحات دەکرێ و دەبینە خاوەن زەوی. دەی کوا؟ ئێمە پێمان وابوو زەوی بە هەمووان دەدرێ، نان بۆ هەمووان دەبێ. ئەوەی کارێگەر و رەنجبەرە نانی دەبێ، ئەوی تەوەزل و زگزلە لە بەین دەچێ. پێمان وابوو ئاغا دەورەی نامێنی و توویان لە سەر عەرزی پاک دەبێتەوە و هەموویان دەڕژێنە نێو چۆمێ. پێمان وابوو دوکتور و دەرمان دەبێ، قەند و چا و برنجمان بۆ دێنە ناو ماڵان. موختەسەر وادەی زۆرمان بە خۆمان دابوو، کەچی هەموو خەون و خەیاڵ بوو.

پێرارەکە ئاغا زەویە گەورەکەی ئەوبەری چۆمی لێ بڕیم بۆ خالسە، ئیستاش دیسان بەشی دەکاتەوە، بەشێکی دی لێ هەڵدەگرێتەوە بۆ ئەوی بەخێر باقیمان پێ بفروشێ، وەڵا ئیدی یەکجاری کۆڵەوار دەبم.

کورێکی جەهێڵە هەر دەجووڵایەوە تا نۆرەی قسەی کەوێت بە پەلە کوتی، کەستان ناوی لە گەڵتان کەوێ!

سمکۆ زۆر بە ئیشتیا گوێی دابووە خاڵی قەندەکێش. رووی کردە وی و هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی وەڵا کاکە گیان چەلێ ڕێکو پێک دەبین، بەینێکی دی پێ و پێڵاوت دەنێینە سەر چاومان.

فەلای قەندەکێش ڕوانی بۆ حاجی و بۆ مەجلیس و بە ئاشکرا ترسا.

ساحێب ماڵ گوتی دی کاکە لێرە جێگاتان بۆ ڕاخەم یا لە کوێ دەفەرمووی؟

سمکۆ کوتی:

ـ عەرزت دەکەم هەروا ڕادەکشێین، پێش ئەوەش وڵات ڕووناک بێ دەڕۆین. ڕوو لە پێشمەرگەکان دەکا و دەڵێ: کاک شەریف قەرەوڵ بێ. شەریف چاوی وریشاوە. مەحەمد ڕوانی بۆ شەریف و بۆ سمکۆ، شەریف قەرەوڵە!!

وەختی خەو دەوریان چۆڵ بوو، سمکۆ خەوی لێنەدەکەوت، دوو هەواڵەکەشی بێتاقەت بوون. یەکیان وتی:

ـ ئەرێ بۆ ئەو جەهێڵەت ڕێنەدا لە گەڵمان بێ.

سمکۆ بە تووڕەییەکی رەفێقانەوە تێیڕوانی و گوتی:

ـ ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ" ڕێوی لە کونەوە نەدەچوو گەسکی بە کلکی خۆیەوە دەبەست!"

ڕەفیقەکەی دەڵێ:

ـ زۆر خەمباری، چیتە؟

کاکە بۆیە ناڵێم بترسین، بەڵام دەبێ ئاگادار بین و لێمان تێکنەچێ. پاش مانگێک ئەوە یەکەم کەس بوو دەیگوت دێمە نێوتان. دەی چەک لە کوێرا بێنین، فیشکدانی خۆمان پڕ نین. دەبێ چاک لە خۆمان ورد بینەوە و کەم و کوڕیەکانمان چارەسەر کەین. هەر وەک لە مزگەوتێ گوتم، دەوڵەت مەکینەیەکی زەلامە وەک هەژدیهای حەوتسەر لە هەموو وڵاتێکی، هەموو دێەکی بنکە و پەلی هەیە و هەموو بە جارێک خەریکی ئیش بۆ یەک مەرکەزن، بۆ تاران. ئەو دەوڵەتە کە تێیهەڵچووین ئەگەر حەوتسەری بێ، شەش سەری خەرێکی پاراستنی خۆی و ڕووتاندنی خەڵکە. تەنها سەرێکی خەریکی بازە کارێکە، وەک نەخۆشخانە و مەدرەسەی نێوە و ناتەواو بۆ ئەوەی خەڵک کاری شەش سەرەکەی دی لە بیر بەرنەوە. ئەو مەکینەیە زەلامە، دەوڵەت بەورە پەڕۆینەیە بەڵێ، بەڵام بەرانبەر بە هێزی خەڵک وایە.

هێزی خەڵکمان لە پشتە؟ خەڵک پێیان خۆشە پشتیوانمان بن، ئەمما نازانن چۆن یارمەتیمان بدەن. دەوڵەتیش چاک دەزانێ چۆن لە گەڵمان بەشەڕ بێ. شۆڕشی وڵاتەکانی دیکەی لەبەرچاوە، وەک ماسی چۆن لە ئاوی دەبڕن، دەیەوێ ئێمەش لە خەڵک ببڕێ.

ڕەفیقەکەی دەڵێ:

ـ بەم حیسابە ڕێمان بۆ هیچ کوێ نابێ.

ـ «وەڵڵا بڵێم چی، دەبێ زۆر قایم خەریک بین. دەبێ مەکینەیەک دروس بکەین لە هەموو شارێکی و لە هەموو دێیەکی بنکە و پەلێ هەبێ. ئەگەر ماڵی ئاغا پەلی دەوڵەتە، کرێکار و هەژاری شارێش پەنای ئێمە بن. ئەگەر دەوڵەت و دەوڵەمەند و ئاغا دەستیان لە دەستی یەک ناوە و پشتیان بە یەک بەستوە، کرێکار و جووتیار و ئێمەش دەبێ دەست لە دەستی یەک نێین و بە تەواوی پشت بە یەک ببستین. مەکینەیەکی وا ساز بکەین کە هەموو خەڵک بتوانێ بە هۆی ئەو مەکینەوە یارمەتیمان بدەن و یەک بگرن. وە ئێمەش بە تەواوی لە گەڵ هەموو خەڵکی زۆڵم لێکراو ببینە یەک»

«ئەو هەموو خاینانە لە شارن، ئەو هەموو جاشانە نۆکەری حکومەت لە دێهاتانن چی؟ جاش پەلێکە لە مەکینەی دەوڵەت، ئەگەر ئێمە پەلمان بردە نێو جەرگی خەڵک، ئیدی هیچ هێزێک باشارمان ناکا. ئەو هەژارانێ هەڵخەڵەتانوە و بوونتە جاش، بەو مەرجەی ئێمە پەلمان ببەینە نێو جەرگی خەڵک، ڕایاندەکێشین بۆ نێو خۆمان. بەو مەرجەی ئێمە و خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش یەک بگرین، ئیدی هیچ هێزێک باشارمانناکا. پێموایە دەردی گەورەمان هەر ئەوەیە. ئێمە لەو ناوچەدا وەک زیندانی کرابین وایە، مەکینە

ئەویش جێ  بە جێ دەکا، ئەوا ڕیشەی هەموو سەرنەکەوتنێکمان ئەوەیە. جۆگەمان نیە هێزی خەڵک ئاژین کەینە سەر مەزرای خەبات. خەباتیش ئەگەر هێزی خەڵکی لێ بڕا، وەک مەزرای بی ئاو دادەمرێ و سیس دەبێ. لێرەشەوە هیچمان پێ ناکرێ، گەمارۆ دراوین، لە خەڵک جێ بووینەتەوە، ئەوێش نەبێ جەمعەێ جارێ دەتوانین خەڵک ببینین. ئێمە کەمین و بێ سامانین، تەنانەت خوێندەوارانیش لێمان ناپرسن! قسەی وانم بۆ مەکە پرتەقاڵ دەخۆن و باسی کوردایەتی دەکەن، ئەوانە خائێنن. هەموو خوێندەوارێ ناڵێم. ئەمن بۆ خۆم نە کرێکارم، نە فەلا، بازە خوێندەوارێ دڵسۆزن، بەڵام ڕێگای خۆیان لێ ون بووە. دەوڵەتیش وەک هەژدیهایەک وایە لە تەختێ شێرێک نووستبێ. هەر خوێندەوارێ ڕێگای لێ ون بێ و بخزی دەکەوێتە گەرویەوە بە ڕێ خەیانەتدا دەچێ. بەڵام ئەگەر ئێمەش مەکینەمان ببێ دەتوانین زۆریان بە لای خۆماندا بکێشین.

رەفیقەکەی دەڵێ:

ـ دەی ئێستا دەڵێی چی؟

ـ وەڵا بڵێم چی، خۆ دەسبەجێ ناتوانین هەموو شتێک ساز کەین. دەبێ هەموو خەڵک سازی کەن. با تاقمە پێشڕەوەکان وەپێشکەون، وردەوردە خەبات تیژ تر بێتەوە و مەکینە دەروس بێ. مەکینەیەک کە چینی کرێکار ببیات بە ڕێوە و لە سەر قازانجی هەموو خەڵکی زەحمەتکێش تێبکۆشێ.

رەفیقەکەی دەڵێ:

ـ ئەوە، ئەو شەو نابێ. ئەمن دەڵێم ئێستا چ بکەین؟

تەقە بەرزەوە دەبێ، وڵات دەشڵەژێ. شەریف یەکێکی بریندار کردوە و دەرچووە. پێشمەرگەکان شپرزە لە دێ دەڕون.

مەحمەد دەڵێ:

ـ بە خودا من دەمزانی وای لێدێ.

رەفیقەکانی دەڵێ:

ـ ئەی بۆ نەتگوت بێ شەرەف.

سمکۆ دەڵێ:

ـ بۆچی شەڕ دەکەن، خێرابن با بڕوین. دارێنە لەوێیە. ڕێگایەکی سەخت و خۆشە و بۆ شەڕ دەبێ.

قەومابوو! چاکیان دەس پێ نەکردبوو، ڕێگای گەڕانەوەش هاسان نەبوو. بە بێ مەکینە و ڕێکوپێک کردنی خەڵک هیچیان پێندەکرا. ئەو کارانەش لە چیاوە نەدەکرا. بۆ کاری وا دەبووایە لە پێشدا چووبانە نێو جەرگی خەڵک و تا بەینێکی خەڵکیان سازمان دابا. بەڵام ئەوان لە هەموو لایەک دیار بوون و بە دوژمن گەمارۆ  درابوون. لە پێشدا پێیان

وابوو ئەگەر کۆمەڵێک خوێندەوار و دڵسۆز وەک کۆمەڵێک فریشتە بچنە نێو خەڵک، وەک پێغەمبەرانی قەدیم بڵێن وا چاکە و وا خراپە، شۆڕش دەکرێ.

خۆیان هێندە شۆڕشیان پێ باش بوو وایان دەزانی خەڵک هەر ئەوندەێ نێوی شۆڕشیان بیست وە دوویان دەکەون. بەڵام هیهات! کۆمەڵی ئینسانی هێندە ساکار نیە و شۆڕش هێندە سەهل و سووک نیە. وەک سمکۆ دەڵێ هەموو کێشەی کۆمەڵ کێشەێ هەژار و زۆرداره. بەڵام زۆرداران تا ئێستا توانیویانە جگە لەو جەماعەتە کە هەژاری بۆ دەدۆشن، تەنانەت هەژارەکانیش بە دووی خۆیدا ببا و ئەو کێشەیان لە بیر بەرێتەوە.

هەتا هەژار و تەنانەت بەردەسی زۆردارانیش لە گەڵ زۆرداران بن، هەتا هەژاران بە تەواوی تێنەگەن، کە بۆ بەدەست هێنانی مافی خۆیان و لە بین بردنی زۆرداران دەبێ یەک بگرن و خەبات بکەن و، تەنانەت هەتا خەڵک بۆ ئەو مەبەستە دوو دڵ بن، دوژمن بە تەنێ نابێ و پشتی قایم دەبێ. دوژمن بە تەنێ نابێ و پشتی هەر قایم دەبێ. تەنها وەختێ کە خەباتی خەڵک و چینە پێشڕەوەکان زۆردارانی بە تەنیا خستەوە، ڕۆژی بە سامی هەموو گەلان دژی شەبەکەی زۆردار هاتە کوڵ، ئەو دەمە ئەویش وەک بڵقی سەر ئاو دەدڕی و لە نێو دەچێ.

هێشتا ئەو کاتە شۆڕشگێڕان دەبێ وریا بن. ئەو مەیتە پیسە وەک کرمێ نەکەوێتە لەشی .... هەمووی ئەوانێش بەو مەرجە دەکرێ وساز دەبێ کە تاقمە پێشڕەوەکانی لە پێشدا بتوانن بە ساز کردنی مەکینەیەک، کرێکار و جووتیار و چینە زەحمەتکێشەکانی هەموو وڵات یەک بگرنەوە و دوژمن لە هەموو وڵاتەوە گەمارۆ دەن، تەفر و توونای کەن.

ئەو ڕۆڵە نەبەزانە بوونە تەجربە، تەجربەیەکی تاڵ، ئەو پیاوە پێشڕەوانە داخوا دەبنە پەردەی دوای؟

بە چاو ترووکاندنێک مەحمەدیش هەڵدێ، نەکا لە باتی شەریف کە خزمی بوو بیکوژن.

یەک بانگ دەکا:

ـ محەمەد محەمەد! بە خودا ئەویش بۆی دەرچوو.

یەک دەڵێ :

ـ بانگی کە، برا بانگی کە! نا جواب ناداتەوە. ئەویش ڕاپورتمان لێ دەدا.

سمکۆ دەڵێ: دەگەینە چۆمی دارێنە هەر لەوێ دەبین تا سبەی. شەو نامان بینەوە.

رفیقەکەی دەڵێ:

ـ بە سەری تۆ جاش و ئەمنیەی زۆر هاتوونە ئەو ناوچەیە.

سمکۆ دەڵێ:

ـ قەت هێندە لە شەڕ نەترسابووی، چ بووە جەرگت بێ!

رەفیقەکەی دەڵێ:

ـ ناترسم، بەڵام تەواو کەمین، ئەو مەیتەشمان پێیە شەڕمان چۆن پێدەکرێ؟!

سمکۆ دەڵێ:

ـ ئاخ شەریف ناپیاوی سەگ باب! هێندە بیرە بیرە مەکە ئەوتا گەیشتین.

****

**دارێنە چۆمێکە و شیوێکە پڕ بەردە**

**کەلێن و قوژبنە، بێدەنگە، کش و ماتە**

**لە سەر ئاسۆکەوە داران بە بەژنی لار و لوێر و بە کزی**

**ڕوویان کردووەتە ئاسمانی ساف و ڕۆشن و شینی بەهاری**

**بە گەڵای تازە و جوانی مانگی گوڵانەوە دەستیان بەرەو ئاسمانی شینە!**

**دەڵێی نیازێکیان هەیە، ئاواتێکیان لە دەڵی خەمینە، بە پەرۆش و بە دەم شینەوە دەنگیان لێ دێ. دەڵێی دەنگی دۆعای چاک و پیرێکی وەدم زێڕینە.**

**گاشە بەردان بێدەنگ و کڕن، گەوهەریان دەشاریەوە. دڵیان بە برینە.**

**چۆمە بێدەنگە لە بەر گوێی نامەحرەمی پڕ لە قینە،**

**لە بن چوار بەردەوە چوار تفەنگ ملیان دەرکێشاوە. چاوی ڕەشیان بە ئاسۆیەکی سەرنج داوە، تا بشکێنن باڵێ هەر پەلەوەرێکی، خەیاڵی خاوە.**

**جاشێک دەر دەکەوی تەقە لە تفەنگەوە دێ جاش دەگەوزێ و دەکەوی.**

**خەنجەری میسری بێقەرارە ئەگەر لە کالانا بخەوێ !**

**تفەنگی پێشمەرگەش جاش ببینێ، هیهات لە سەنگەرا کڕ بکەوێ!**

**ئەوە هەو ڕەوەیەکی ئەمنیە و رەوەیەکی جاشە ڕوویان کردە ئەو شوێنە.**

**تەقە دامەزرا و ئەمان تۆپ و دەبابەیان پێنە ئەوا. هەوڕەوەو ئەمنیە و ڕەوکە جاشە، کە دێنە، لە سەد و دوو سەد و سێ سەد سەر کەوتن، تۆپ و دەبابە و بازوکا هاتن ڕیز بوون، ملیان گێڕا ئاوا لە نێو بەردان.**

**لە پەسا گوللەی تۆپ و تانک داباری بۆ دڵی دارێنە و خەم بۆ دڵی فەقیر و هەژارێ.**

**دارێنە ئاورینە !**

**دارەکان بە شنەی بایەکی بە سام هاتوونە سەمایەکی توونـد و دوژمن تارێن چەکی نێو بەردان بە هەموو فیشەکێک دەتلێنێ لاشەی نامەردان،**

**دەیان گەوزێنێ لە ناو تەلان و بەردان، خوێنیان دەرژێنی و دەیان گلێنێتە ناو بەردان.**

**هەر تۆپ و دەبابەیە بە تاوە، لە باتی سەد تۆپی ئەوان، تاقە فێشەکێک لەو لاوە بەڵام هەیداد، فیشکدان فیشەکی تێدا نەماوە.**

**جوانمێرەکەی من جەخاری بە جەرگم فیشەکی لێ براوە.**

**هۆ هۆ خانە، هۆ خانەی ئەوی سەر جاشە، مەردی! ئازای! فەرموو باشە،**

**دەبڕو خەبەرێک بێنە لە نێو بەرد و تەلانی بە تۆپ لەت لەت کراوی دارێنە.**

**خانە دێت، دەڕوواتە سەر سەنگەران، کلکی کڵافەیە گوێی قوتە هەر بە چەشنی جاشەکەران. دڵی قایمە بۆ نۆکەریی زۆردار و داگیرکەران.**

**سمکۆ ئەوتا بریندارە،**

**گوایە ماوە؟**

**ئەری، زەردەخەنی هێشتا لە چاوە. چەک نەماوە برادر لە پاڵ برادر کوژراوە**

**سەری لە سەر بەردی سەنگەرێ. چاوی لە ئەستێرەیە، هەر وەک چاوی دڵدارێک لە دڵبەرێ، بیری لە مەرگی هەرە جوانە، مەرگی خەباتکەری.**

**مەرگ ئەگەر هات دڵە بە خێری بێنە**

**مەرگی خۆشتر لە سەنگەرە، نەک لە نێو نوێنە!**

**بەو مەرجێ هەبی دەستی دۆستێ هەڵگەرێ چەکی داکەوتوم لە سەنگەرێ دارێنە.**

**خانە هەڵدەکێشێتە دەمانچی دەستە زێڕینێ دەڵێ ئەوەیە دوژمنی زۆردار و خوێنمژینێ.**

**پێ دەڵێ ئەگەر شادو ئیمان دینێ بێنە دەتگەێنمە بەهەشتی بەرینێ.**

**دێتە زمان چاو دەمی سمکۆ کە دەڵێ: شادو**

**ئیمانم ئەوەیە، باوڕم بە هێزی خەڵکە، کە بەحرێکی بەربەرینە، باوڕم بە هیوای خەڵکە، کە هیوایەکی زۆر شیرینە، هەتا هەتایە خۆشەویستی خەڵکی دەردمەندم ئەوینە.**

**ناڵە لە دەمانچەی دەستە زێڕینێ، رووبارێکی خوێن دەرژێنێ لە برینێ. سمکۆ لە نێو بەردی دارێنەوە هەڵدەفرێتە نێو کۆشی خەڵکی دڵخەمینێ، بۆ نێو دڵی خەڵکی چاو بە ئەسرینێ. چەکی دەداتە دەس خەڵکی و ئەسرینیان ئەسڕی بە دەسماڵی تووڕەی و قینێ.**

**هەموو ناڵەیان دەگاتە خرۆشینێ، دەچێتە مێژوو، دەچێتە ئەبەدیەتی بەربەرینێ.**

**ئەوتا ئەوە مەیتە یا شووڕە سوارە، کە دەڕوا لەو بەری ڕووبارە.**

**هیوام خەڵکە کە هیوایەکی زۆر شیرینە، هەتا هەتایە خۆشەویستی خەڵکی دەردمەندم ئەوینە.**

*****

ئەوە لاپەرەیەک بوو لە ژیانی پڕ لە شانازی شەهیدی نەمر کاک سماعیلی شەریفزادە کە لە نێو پێشمەرگەدا، بە" مەلا عەزیز" دەناسرا. لە ڕۆژی دوازدەی گوڵانی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە سەر چوومی کەلوێ لە نێوان جادەی بانە ـ سەردەشت لە دارێنە لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە گەڵ دوو هاورێ دیکە بەدەستی جاش و ئەمنیەی حکومەتی

بەکرێگیراوی ئێران شەهید بوون. تەرمی ئازیزی لە لایەن هێزەکانی حکومەتی پاشایەتیەوە، بۆ گۆڕستانی تایلەی شاری سنە گوازرایەوە و دوژمن لە وی ئەسپەردەی کردووە.

****

**ئەگەر ماسمیێدیای کوردی و یا هەر ئورگان و کەسێک لەم پەخشانە کەڵک وەر دەگریێ، تکایە ئامارژە بە سەرچاوەکەی بکات .**

**٢٠١٠ ی میلادی**